

# ستاتیکای ناوجەرگەی کوردستان





پێم وا نییە ناوێك لەوە دروستتر هەبێت، بەو پیشانگا هاوبەشەی بڵێین کە رۆژی ٢٠١٨/٨/١ لە (گەلەریی دیار) لە شاری سنەدا بۆ هونەرمەندانی سلێمانی و سنە کرایەوە. بەدەر لەوەی پیشانگاکە گوتاری جوانی شێوەکارانی باشوور و رۆژهەڵاتی پێکەوە، لە یەك هۆڵ و لە یەك کاتدا، خستەڕوو، پێم وایە ئەم پیشانگایە نوێنەرایەتیی ترۆپکی ستاتیکای کوردستان دەکات، هونەرمەندانی دوو پایتەختی گرنگ و کاریگەری هونەر، دوو کانگای سەرەکیی بەرهەمهێنانی کولتووری کوردستانی، خستەڕوو. سنە و سلێمانی نەك هەر یەکەیان تەنیا لە ئاستی رۆژهەڵات و باشووری کوردستاندا نەخشی کارایان لە بواری کولتوور و هونەری کوردستاندا هەیە، بەڵکوو ئەم دوو شارە ناوەندی بەرهەم هێنانی کولتوور و هونەرێکن، تیشك و کاریگەرییەکەی بە خەڵکی هونەرخواز و شەیدای ستاتیکا و جوانی، لە سەرانسەری کوردستانی مەزن و لە هەر کوێیەکی ئەم دنیایە کە کورد و غەیرە کوردی لێ بێت، دەگات و ئامادەیە.

ناوەندی (٧رەنگە) بارەگاکەی لە شاری سلێمانییە، بە کردنەوەی (پیشانگای هاوبەشی شێوەکارانی سلێمانی و سنە) لە رۆژهەڵاتدا، هەنگاوێکی نوێی ناوە بە ئاراستەی زیاتر ئاشناکردنی جوانخوازی و ستاتیکای کوردستان و ناساندنی بەرهەمی شێوەکارانی رۆژهەڵات و باشووری کوردستان بە بینەران. لە پیشانگایەکی لەم جۆرەشدا، بینەر چاوەڕوانی بەرهەمێکی شێوەکاری دەکات، کە لە رووی سەنگی هونەرییەوە لە ترۆپکدا بێت. هەردوو شارەکە وەك جوگرافیا کەوتوونەتە گرێژنەی هونەرستانی کوردستانەوە، پاشخانی مێژووی هەردوو شارەکەش دەڵێ، دوو پایتەختی رابردووی کوردستان (دەوڵەتی ئەردەڵان و بابان) بوون. ئەو دوو پایتەختەی کورد و کوردستان، شارستانیەت و کولتوورێکی کوردییان بەرهەم هێناوە. دوای داگیر کردنەوەی هەردوو شارەکەش، رۆحی ئەفراندن و بەرخودانی هونەر و کولتووری خۆماڵییان تێدا خامۆش نەبووە، بەڵکوو بوونە نموونە بۆ جۆش دان و زیندوو راگرتنی هونەر و کولتوور لە سەرانسەری کوردستانی مەزن. لە بەسەر کردنەوەی بەرهەمەکانی ئەو پیشانگا هاوبەشە، بینەر دەتوانێ چڕە وێنەیەکی نەخشەی هونەری شێوەکاری (بە تایبەتی نیگار) لە کوردستاندا وێنا بکات، بەشدارانی پیشانگاکە دەستەیەکی هەمەچەشنن لە هونەرمەندانی هەردوو شارەکە، بە بڕوای من ساڵانێکی زۆرە پێشەوایەتیی قافڵەی هونەری شێوەکاریی کوردستان دەکەن. هونەرمەندانی وەك (هادی زیائەدینی، مەهدی زیائەدینی، فەردین سادق ئەییووبی، جەمشید پوورەوازان) لە شاری سنە، بەژنی یەکجار بڵندی دنیای شێوەکارین، تابلۆ و پەیکەری ئەوان لە ریزی هونەری هەرە باڵای جیهاندایە. لە سلێمانیشەوە ٢٧ هونەرمەندی شێوەکار بەشدارییان لەو پیشانگا هاوبەشەدا کرد، بۆ نموونە (عەلی جۆلا، عەلی کەریم، رێبوار سەعید، ئاری بابان، عەبدولڕەحمان میرزا، چیمەن ئیسماعیل، محەمەد فەتاح، کاروان کابان، مەهاباد جەمال.. هتد). ئێمە لێرەدا ناوی بەشێك لە بەشدارانی پیشانگاکەمان وەك میناك هێناوە، لە پرۆژەیەکی داهاتوومان (ئەگەر خودا یار بێت و سەر بگرێت)، بە درێژی لە بارەی پیشانگاکە و تێکڕای بەشدارانی دەنووسین.

لە جێی خۆیدایە، ئەگەر هەڵوەستەیەکی خێراش



تاریق کاریزی

لە ئاست بەرهەمەکانی پیشانگاکەدا بکەین. قسە کردنی من لە بارەی پیشانگاکەوە لە دوورەوەیە، چونکە من لە باشوورەوە بۆم نەلوا بچمە سنە و لە نزیکەوە پیشانگاکە ببینم، بەوەی وێنەی تێکڕای ئەو تابلۆیانەشم بە دەست گەیشتن کە بە ناوی سلێمانییەوە بەشداری پیشانگاکە بوون، ئیدی لێرەدا پتر باس لە بەرهەمی شێوەکارانی سلێمانی دەکەم. بەرهەمەکان بە ستایل و شێواز و تەکنیکی جیاجیا جێبەجێ کرابوون. وەك هەر پیشانگایەکی هاوبەش، بینەر شەبەنگێك لە بەرهەمی شێوەکاری دەبینێت، هەر هونەرمەندە تەکنیك و شێواز و کەرەستەی جۆربەجۆری بۆ ئەفراندنی بەرهەمەکەی بەکار بردووە. هەر هونەرمەندە لە دید و پاشخانێکی تایبەتەوە کاری کردووە، بەمەش بینەر مەودایەکی فراوانی ئاسۆیی لە ستاتیکای گوتاری دیدەییانەی هونەرمەندانی سلێمانی دەبینێت، ئەمیش نموونەیەکی بەرجەستە بۆ تێکڕای دۆخی هونەری شێوەکاری هەم لەو شارەدا، هەمیش لە تێکڕای باشووری کوردستان، دەخاتەڕوو. هەڵسەنگاندنی منی بینەر بۆ تابلۆکان پەیوەست بە زەوق و سەلیقەی جوانخوازانەی منەوەیە، کە تا چەند چێژ لەو گوتارە جوان و دیدەییەی هونەرمەندان وەردەگرم. دنیای ستاتیکای شێوەکاری دنیایەکی بەرینە، ئامێزی بۆ هەمەجۆر کار و ئەفراندن کراوەیە. لەگەڵ ئەوەشدا، بەژنی داهێنانی هیچ هونەرمەندێکی شێوەکار، نە بە لای بینەر و نە بە لای رەخنەگرەوە، شاراوە نییە. رەنگە زۆر بەرهەمی شێوەکاری هەبن بچنە خانەی ئەزموونی بەر لە گەیشتن بە پێگەی ستاتیکای هونەربەند، بەرهەمیش هەیە دەچێتە ریزبەندی مێژووی هونەر و داهێنانی (شوێنکات)ی خۆیەوە. ئەم پیشانگا هاوبەشەی هونەرندانی سلێمانی و سنەش، لەو رێسایە بەدەر نابێت.

**بەختیار سەعید :هەنگاوەکانی رەنگ، هەنگاوێك بۆ هونەرێکی رەسەن**


زۆرن ئەو چالاکی و کارە هونەرییانەی کە لەسەر ئاستی جیهان رۆژانە ئەنجام دەدرێت و پێگەو قورسایی خۆیان بەجێ دەهێڵن لەناو بیرەوەری بینەرەکانی و دەبێتە هەنگاوێك بۆ دروستبوونی قوتابخانەیەك یان شێوازێك بۆ بەشێك لەهونەرمەندان و ئەوانەی هەوادارانی کاری هونەرین.

٧ رەنگەش بەهەمان بیرۆکەو بەهەمان تێڕوانینەوە کارەکانی بنیادناوەو کارە بەردەوامەکانی بۆ ئەوەیە کە چۆن بتوانرێت کە هەموومان پێکەوە کار بۆ دروستکردنی ئەو بناغەیە بکەین و لە پاڵیدا شانازییەك تۆماربکرێت، هەر لەو دیدەوە بیرۆکەی دروستکردنی ئەم پیشانگەیە دروستبوو تاکو ئاوێتەیەك لە شێوەکارانی شاری سنەو سلێمانی پێکەوە لە رێگای هێڵ و رەنگەکانەوە ئاوێتەیەك درووست بکەین و پێکەوە بتوانین داهاتوویەکی هونەریی بۆ دیدەکەمان بدۆزینەوە.

ئەم پیشانگەیە سەرەتایەکی تری کاری هاوبەشی شێوەکارانی سلێمانی و شاری سنەیەو قۆناغێکە دەکرێت لەداهاتوودا پێگەی کارە هاوبەشەکان فراوانتر و دەوڵەمەندتر بکات بۆ ئەوەی خۆمان و کارە هونەرییەکانمان ببینە یەك جەستەو یەك رۆحی هاوبەش.

سوپاس بۆ گەلەریی دیار و هەموو ئەو خۆشەویستانەی کە هاوکار بوون بۆ سەرخستنی ئەم پیشانگەیەك، سوپاس بۆ هەموو شێوەکارە بەشداربووەکان.







هەژان هێرش:

# بۆ نواندن سوودم لە راگەیاندن وەرگرت

## نیکۆل کیدمان: تۆم کروز منی لە هۆڵیۆد پاراست



نیکۆڵ کیدمانی ئەکتەری ئوسترالی و ئەستێرەی ناسراوی هۆڵیۆد نهێنییەکی دەربارەی ژیانی هاوسەریی خۆی و تۆم کروز ئاشکرا کرد کە تا ئێستا لای کەس زانراو نەبووە و تا رادەیەکیش بووە مایەی سەرسوڕمانی زۆر کەس، چونکە هۆکاری سەرەکیی ئەم هاوسەرێتییە بۆ پاراستنی خۆی بووە لە هۆڵیۆد. کیدمان رایگەیاند کە لەبەر ئەوەی ئەو کات کروز یەکێك بووە لە ئەستێرە هەرە ناودار و بەهێزەکانی هۆڵیۆد بووە ژیانی هاوسەرگیرییان هۆکارێکی سەرەکی بوو بۆ پاراستنی لە هەوڵەکانی دەستدرێژی سێکی کە ئەو کات زۆر بەربڵاو بوو لە هۆڵیۆد. ئەم ئەستێرە تەمەن ٥١ ساڵییە لە وتارێکدا لە گۆڤاری (نیۆیۆرك) دەبارەی ئافرەت و هێزنووسیویەتی و دەڵێ: من جیا ل زۆر ئافرەتە ئەکتەرەکان لە تەمەنێکی زۆر زوودا ژیانی هاوسەریم پێکهێنا لەگەڵ توم کرۆز ئەمەش بۆ ئەوە نەبوو کە بە هێز بم، بەڵکو لە پێناو ئەوە بوو کە بمپارێزێت. راستە من تۆمم خۆشویست، بەڵام هاوسەرگیرم لەگەڵ کەسێکی زۆر بەهێز و ناسراو وایکرد پارێزراو بم لەدەستدرێژی سێکی کە ئەو کات زۆر بەربڵاوبوو، من کاری خۆم دەکرد و زۆر بەهێزیش پارێزراو بووم.

لە دوای بەشداریکردنیان لە فیلمی (Days of Thunder) لە نەوەدەکانی سەدەی رابردوو چیرۆکێکی خۆشەویستی لەنێوان کیدمان و تۆمدا دروست بوو و ژیانی هاوسەرییان پێکهێنا، بەڵام لە ساڵی ٢٠٠١ جیابوونەوە دوای ئەوەی دوو منداڵیان تەبەننی کرد.

لە هەمان وتاردا کیدمان باس لە دەستدرێژی سێکسی دەکات و دووپاتی دەکاتەوە کە ئەویش وەك زۆر لە خانمە ئەکتەرەکانی دیکە دوچاری دەستدرێژی بۆتەوە لە چوارچێوەی کارەکەیدا، بەڵام ئامادە نییە وردەکارییەکانی ئەم بابەتە بڵاو بکاتەوە.

هەژان هێرش ناوێکی دیاری نێو هونەری دراما و فیلمی کوردییە. لەنێو خەڵکیدا خۆشەویستە و بۆ هەر شوێنێك بڕوات هەوادارانی لێی کۆدەبنەوە و وێنەی لەگەڵ دەگرن. هەژان ماوەیەکە سەرقاڵی پڕۆژەیەکی گرنگ و نوێی سینەماییە، بۆ یەکەمجار کار لە دروستکردنی فیلمێکی ئەنیمەیشنی کوردی بەشێوازی سێ ڕەهەندی دەکات،.

لە بارەی ڕاگەیاندن و نواندن و ئەو پرسیارە کە ئایا کامیان زیاتر لێیەوە نزیکە؟ هەژانە دەڵێ: زیاتر خۆم لە کاری نواندن دەبینمەوە، چونکە هۆکاری ئەوەی کە چوومە بەشی ڕاگەیاندن، ئەوە بوو کە سوودی لێ وەربگرم بۆ کاری نواندن، هەڵبەتە من لە پۆلی دوانزەی ئامادەیی نمرەیەکی زۆر باشم هێنا و لە بەشی فیزیا وەرگیرام، بەڵام بە حەزی خۆم تەنازولم کرد بۆ بەشی ڕاگەیاندن.

لە بارەی ئەوەی چۆن فیلم و سینەما بەهێزتر بکەین لە ڕووی جەماوەرییەوە هەژان وتی: ئەگەر فیلمێکی باشی کوردی هەبێت خەڵك دەچێتە سینەما، بەڵام ئێمە دوو کێشەمان هەیە، یەکەم لەڕووی ماددییەوە خەڵك زۆر کێشەی هەیە. دووەم لەڕووی پەروەردەوە، دەبێت وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵا لەگەڵ سینەماکانی کوردستان هەماهەنگی بکەن بۆ ئەوەی قوتابی پەیوەست بکەن بە سینەما، بەلایەنی کەم دەبێت هەفتەی جارێك بچنە سینەما، بەم هۆیەشەوە کولتووری سینەما بڵاودەبێتەوە.

سەبارەت بە سۆشیال میدیاش هەژان دەڵێ: لە ئینستاگرام زیاتر دەردەکەوم، چونکە ئینستاگرامەکەم بۆ گشتییە کە بە ناوی هەژان بارانەوەیە، بە ناوی کوڕەکەمەوەیە، لەبەر ئەوەی بەداخەوە پەیج و ئەکاونت بە ناوی هەژان هێرشەوە زۆر دانراوە، بۆیە من ئەو ناوەم بۆ هەڵبژاردووە.



## سونالی بەندەر ڕووبەڕووی نەخۆشی دەبێتەوە

خانمە ئەکتەری ناسراوی بۆڵیۆد سۆنالی بەندەر بە هۆی وره بەرزیی لە ڕووبەڕووبوونەوەی نەخۆشیی شێرپەنجە، ئێستا بۆتە نموونەیەکی زیندوو نەك تەنیا بۆ ئەو کەسانەی تووشی نەخۆشیی شێرپەنجە بوونەتەوە، بەڵکو تەنانەت بۆ گشت ئەو کەسانەی بەدەست گرفتەوە دەناڵێنن لە ژیانیاندا.

سۆنالی کە ئێستا لە نیۆیۆرك چارەسەر وەردەگرێت لە ئاستێکی بەرزی نەخۆشیی شێرپەنجە لە ئەنستاگرام نامەیەکی نووسی و تێیدا باس لەوە دەکات کە چۆن مامەڵە لەگەڵ ئازار و سۆزەکانی دەکات لەو ماوەیەی کە چارەسەری پێویست وەردەگرێت، هەر لەو نامەیەیدا کە وێنەیەکیشی لەگەڵ دانابوو لە کاتی مکیاژ کردن، باس لە دوو مانگی یەکەمی وەرگرتنی چارەسەر دەکات و دەڵێت: هەندێك ڕۆژەکان باش هەندێکیشیان زۆر زۆر خراپ و ناخۆش بوون، هەستم بە ماندووبوونێکی زۆر دەکرد وەك ئەوەی بڵێی نەخۆشییەکە شێوەی خول بێت، لە ئازاری جەستەییەوە دەستی پێدەکرد تا دەگەیشتە ئازاری عەقڵی و سۆزی، بەڵام ڕۆژەکانی چارەسەری کیمیاوی و دوای نەشتەرگەری زۆر ناخۆش بوون.

ئەم خانمە ئەکتەرە تەمەن ٤٣ ساڵییە وتەیەکی جوانی کەسایەتییەکی ناوداری لە ئەنستاگرامی خۆی نووسی کە دەڵێ: من دەمزانی ئەگەر ڕێگا بە ترس بدەم من ببەزێنێ بێگومان کاروانەکەم سەرناکەوێ و بەرەو هەڵدێر دەڕۆم، چونکە ترس تا ڕادەیەکی زۆر لە چیرۆکێکەوە دەستپێدەکات کە بۆ خۆمانی دەڵێین، بۆیە ئەوەم هەڵبژارد کە چیرۆکێکی جیاوازتر لە چیرۆکی ئافرەت بۆ خۆم بڵێم، بڕیارمدا کە من سەلامەتم، من کەسێکی بەهێز بووم و هیچ شتێك ناتوانێت بمبەزێنێ.

سۆنالی لە کۆتایی نامەکەیدا باس لە گرنگیی چاودێری نەخۆشەکە لەلایەن خۆیەوە دەکات ودەڵێ: من ئێستا گرنگی بە خۆم دەدەم بەتایبەتی لە بواری خەوتن و بەردەوامم لەسەر چارەسەرەکەم و چاویشم لەوەیە بە زووترین کات بگەڕێمەوە ماڵەوە و دووبارە دەستکردنەوە بە ژیان.

# ئۆرکێسترای نیشتمانی

هونەر چ لە کوردستان یان لە هەر کونجێکی جیهاندا بێت، یەك پێناسە و شێوازی هەیە و دونیای هونەر بۆ هەموو لایەك وەك یەك و بێ سنوورە، ئەوەی هەیە توانا و داهێنانی جیاواز لە یەکتری و گوزارشتکردن و دەربڕینی هونەرەکە و گەیاندنیە بە کۆمەڵگەی مرۆیی. لەم روانگەیەشەوە، هونەرە جوانەکان بە گشتی لە کوردستان و هونەرمەندانی کورد هەمان پێناسە و چوارچێوەی هونەرمەندانی جیهانی وەردەگرن، بە جیاوازی توانا و داهێنان و کاری گەورە و ناوازە، بەپێی ئەو دەرفەتەی بۆیان رەخساوە. لەناو هونەرمەندانی خۆماندا لە هەموو بوارەکان هونەرمەندی کارامە و بەتوانامەن هەن، کە لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەوروبەریشدا دیارن. لە بواری هونەری موزیکدا، چەندین گرووپ و یانەی هونەریی جۆراوجۆر هەن و لەناویاندا جۆرەها هونەرمەند دەبینرێن، بە ئاست و توانای جیاجیاوە، لەناویشیاندا چەندین هونەرمەندی ئەکادیمی و شارەزا هەن، کە دەکرێ ببنە واجیهە و رووە هەرە دیارەکەی میوزیك لە کوردستاندا پێشەنگی بواری میوزیکن و شوێنپەنجە و کارەکانیان گەواهییان بۆ دەدا.

ئێستا لە کوردستان، وێڕای چەندین گرووپ و دەستەی موزیك، ئەوەی تێبینی دەکرێ کە چەند ئۆکسترایەکیش بە ناوی جیاجیا لە شارەکانی کوردستاندا هەن، بەڵام ئەوەی جێی نیگەرانی و داخە ئەوەیە، کە یەك تاکە ئۆرکێسترای نیشتمانیمان نییە، کە چەترێك بێ بۆ کۆکردنەوەی هەموو هونەرمەندە گەورەکان و گوزارشت لە هونەری میوزیکی کوردستان بکات. ئەو ئۆرکێسترایانە کە لێرە و لەوێ توانای ئەم و ئەو هونەرمەندیان بۆ خۆیان بردووە، سەرەنجام وای کردووە، کە توانا باش و زۆرەکان لە یەك دوور بن و هەریەکە و لە





فەرهەنگ غەفوور

گرووپێکدا بێت، کوردەواریش لەمێژە گوتوویەتی (سوارێك بەتەنیا تۆز ناکات)، بەڵام ئەگەر ئەو هونەرمەندە ناودار و شارەزایانە لە یەك ئۆرکێستی نیشتمانی کۆ ببنەوە و حکوومەت و دامەزراوە پەیوەندیدارەکانیش هاوکار و پشتیوانیان بن، دەتوانن زۆر داهێنانی ناوازە بخوڵقێنن و بچنە ریزی ئەو تیپ و ئۆرکێسترایانەی لە جیهانی هونەری میوزیکدا ناو و پێگەیان دیارە.

لە هەموو وڵاتان، ئۆرکێسترای نیشتمانی، وەك تاکە دامەزراوەی گەورە و رووی دیاری هونەری موزیکی ئەو وڵاتە، لە کۆنفرانس و فێستیڤاڵە جیهانی و نەتەوەیی و نیشتمانییەکاندا نوێنەرایەتیی گەل و نیشتمان و کولتووری خۆیان دەکەن و هەموو کەسێکیش رێزیان لێ دەنێ و بەرهەم و کارەکانیان بە هەند وەردەگرێ. ئەرکێکی نەتەوەیی و نیشتمانیشە کە ئێمەی کوردستانیش خاوەن ئەو ئۆرکێسترایە بین، کە نوێنەرایەتیمان بکا و مەزڵومیەتی کورد و کولتوورە جوانەکەی، لە رێی هونەرەوە باشتر بە دونیا بناسێنێ و لەناو خۆشماندا، ببێتە دامەزراوەیەکی پڕ بەها و رووی ئەوەمان هەبێ لەناو گەلان و میللەتاندا بە ئاواز و دەنگ و رەنگی رەسەنی خۆمان بانگی کوردەواری بە گوێیاندا بدەین. حەیف و مخابنە کە ژمارەیەکی بەرچاو لە هونەرمەندە بەتواناکانی کورد لەم گرووپ و ئەو گرووپ، لەم ئۆرکێسترا و لەویان، لێرە لە کوردستان یان لە دەرەوە، تواناکانیان وەك پێویست دەرناکەوێ، بوونی گرووپ و تیپی جیاجیا رەت ناکەینەوە و دیاردەیەکی دروستە، بەڵام دروست ئەوەیە کە ئۆرکێسترایەکی گەورەی نیشتمانیمان هەبێ و نوێنەرایەتیی گەل و هونەر و هونەرمەندانمان بکات.

